www.kurdistannet.org
27-1-2003 2:14

# بنەماكانی داڕشتن لەمیدیاكاندا

مەم بورهان قانع
kakamam2002@yahoo.com

ناوی كتێبە: بنەماكانی داڕشتن لەمیدیاكاندا

ناوی نووسەر: ئومێد مەسعودی

ناوی وەرگێڕ: مەجید ساڵح

لەبڵاوكراوەكانی: بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان**

ساڵی چاپ: ٢٠٠٢– سلێمانی

تیراژ: ٧٥٠ دانە

لەپێشەكییەكی كورتیدا بۆ ئەم كتێبە، د. مۆفەق دەرگەڵەیی سەرۆكی بەشی راگەیاندن لەزانكۆی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەكا "نووسەری ئەم كتێبە سوودی زۆری لەئەزموونی رۆژنامەنووسی دونیا وەرگرتووەو نمونەی دقی سەركەوتووی خستووتە بەردەستمان و ئامۆژگاری بەهێزی كردووین. . بێ هیچ دوودڵییەك ئەم كتیبە بۆ رژنامەنووسانی كورد بەكەڵك دەبێ و دەتوانن وەك دلیلێكی رۆژنامەنووسی لەكاتی نووسیندا بەكاریبهێنن".

ئەم كتێبەی ئومێد مەسعودی (كە نووسەرێكی ئێرانییە) باس لەبنەماكانی داڕشتن دەكا لەمیدیادا، بەسەر هەشت فەسڵدا دابەشكراوەو لەهەر فەسڵێكیشدا نووسەر باس لەچەندین تەوەرو لایەنی گرنگ و تایبەت بەداڕشتن و بنەماكانی دەكا لەناوەندەكانی راگەیاندندا.

لەلاپەڕەكانی بەرایی ئەم كتێبەدا، نووسینێكی "فیلیپ گایار" سەبارەت بەرەچاوكردنی سادەیی لەداڕشتنی چاپەمەنییەكاندا بڵاوكراوەتەوە، كە تیایدا نووسەر ئاماژەی بە سێ بنەمای گرنگ كردووە" كە دەبێ لەبواری كاری رۆژنامەنووسیدا رچاوبكرێن، ئەوانیش: سادەیی، راستەقینە، و زیندوێتین و هەروەها نووسەر لەم وتارە كورتەیدا ئاماژە بەوە دەكا رۆژنامەنووسێكی بەئەزموون هەردەم بەكارهێنانی سێ رستەی كورت و جیا بەباشتر دەزانی، لەرستەیەكی دوورو درێژ كە دەبێ سێ چوار جار بخوێندرێتەوە تا لەماناكەی دەگەی و هەروەها نووسەر پێی‌وایە لەقوتابخانەی نوێی رۆژنامەنووسییدا، زۆرترین ئازادی دەدرێتە پەیامنێرە ناودارەكان، تاوەكو بەشێوازی تایبەت بەخۆیان بنووسن و شەخسییەتی خۆیان وەك نووسەر ئاشكرانەكەن.

هەر لەوتارەیدا كە سەبارەت بە رەچاوكردنی سادەییە لەداڕشتنی چاپەمەنییەكاندا، "فیلیپ گایار" تەئكید لەوە دەكاتەوە نابێت رۆژنامەنووس هەواڵی شەڕو شۆڕی دانیشتنێكی پارلەمان، بەهەمان شێوازی گێرانەوەی ژیانی ئەستێرەیەكی سینەمایی بنووسرێتەوە.

*　　*　　*

لەیەكەمین فەسلی ئەم كتێبەدا، نووسەر ئومێد مەسعودی باس لەشێوازەكانی داڕشتن دەكا لەچاپەمەنییەكانداو سەرەتا پێناسەی شێواز دەكاو دواتر رۆشنایی دەخاتە سەر زمانی رۆژنامەنووسی و ئاماژە بەوە دەكا كە زمان بەپێی ئەو هەلومەرجە گۆڕراوانەی كە تێیدا بەكاردێت و بەپێی ئەو ئەركە جیاجیایانەی لەئەستۆیدایە، چەندین جۆری هەیەو بەستراوە بەسێ هۆكاری گرنگەوە كە ئەوانیش: بابەت، هۆكاری دەربڕین و پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی بێژەرو بیسەرە.

هەر لەم فەسڵەی كتێبی بنەماكانی داڕشتن لەمیدیاكاندا، نووسەر باس لە گرنگیی شێوازی داڕشتن دەكا لەچاپەمەنییەكاندا كە پێی‌وایە داڕشتن لەناو رۆژنامەكاندا داڕشتنێكی ستانداردەو هەمان داڕشتنە كە لەرادیۆو

تەلەفزیۆن و کتێبەکانی خوێندندا بەکاردەهێنرێ" کە لەراستیدا وا نیەو زۆربەی لێکۆڵەروانی بواری رۆژنامەنوسی پێیانوایە زمانی دارشتن لەکەناڵێکی راگەیاندنی تەلەفزیۆنیەوە بۆ رادیۆو دواتر بۆ رۆژنامە دەگۆرِرێ و تاکە شتێ کە هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، سادەیی و روونی و ئاشکراییە لە دەربریندا، کە لێرەداو لەم فەسڵەدا نووسەری ئەم کتێبە ئەمەی فەرامۆشکرووە.

هەر لەم فەسڵەدا، نووسەر باس لەتایبەتمەندییەکانی دەقی رۆژنامەنووسی و جیاوازییەکانی شێوازی رۆژنامەنووسی و ئەدەبی دەکاو هەروەها کورتەیەکی مێژووی دارشتنی رۆژنامەنووس لەسوونەتییەوە تا مۆدێرنیزم دەخات روو، دواتر بیست بنەما بۆ باش نووسین پێشنیازدەکا، لەوانە: بەئینساف نووسین، بینینی سەرنج راکێش، رستەکان کورتبن، دەبێ بەوردی سیفەتەکان هەڵبژێرین" چونکە زۆر سیفەت هەن ترسناکن، لەبەرچاوگرتنی وردەکارییەکان و چەندین بنەمایتر.

*      *      *

فەسڵی دووەمی ئەم کتێبەی ئومێد مەسعودی کە سەبارەت بە بنەماکانی دارشتنە لەمیدیاکانداو لەچەند مانگی رابردوو داو لەلایەن بەرێوەبەرێتیی خانەی وەرگێرانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەچاپگەیاندرا، نووسەر لەفەسڵی دووەمیدا باس لەسادەیی نووسین دەکاو لەمبارەیەوە چەندین لایەن دەستنیشاندەکا کە پێویستن پەنایان بۆ ببرێتە بەر" بۆ ئەوەی بتوانین دەقێکی سادە بنووسین، کە ئەوانیش ئەوەیە: گۆشەنیگایەکی باش و شیاو لەنووسیندا هەڵبژێرین و پشت بەبەدیهیات و بابەتی لابەلا نەبەستین و درێژدادریش لەناو دەقە نووسراوەکەماندا جێگای بۆ نەکەینەوەو هەروەها لەپێناو نووسینی دەقێکی سادە نووسراودا پێویستە رۆژنامەنووس خۆی لەکەڵەکەکردن و زیادەرەویی بپارێزێ.

هەر لەمبارەیەوەو سەبارەت بەسادەیی نووسین، نووسەر رێنمایی ئەوە دەکا کە پێویستە رۆژنامەنووسان لەنووسینەکانیاندا بەرشکاویی قسەی خۆیان بکەن، واتا دەستەواژەی وەك: بەرای من، وا دیارە، پێموایە، وا دێتە بەرچاو، ، هتد. بەکارنەهێنرێ، چونکە دەستەواژەی لەوجۆرە دەبێتە هۆی کوشتنی راشکاویی لەدەقی رۆژنامەنووسییەکەداو بەمەیش دەقە رۆژنامەنووسییەکە لەسادەیی نووسین دووردەکەوێتەوە.

هەر لەم فەسڵەداو لەرێنماییەکانی نووسەردا سەبارەت بەسادەیی نووسین، ئاماژە بەوەکراوە: دەبێ دەستەواژە زیادەکان لابرێن و وشەی رەنگین بەکاربهێنرێ . لەمبارەیەوە نووسەر پێیوایە هەر قۆناغ و سەردەمێك جۆرێك پەخش و دارشتنی تایبەت بەخۆی هەبووەو نووسەرانی سەدی نۆزدەیەم حەزیاندەکرد وشەی پرمانا بەکاربهێنن و نووسەرانی سەدەی بیستەمیش زۆربەیان حەزیان لەوشەی سادەتر هەبووەو بەدوای وشەی وردترو راشکاودا گەراون.

ئەوەی دەشێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە پێویست ناکا رۆژنامەنووس یان بۆ نموونە هەواڵسازیی هەواڵ لەدەزگا جیاجیاکانی میدیادا، وشەی رەنگین بەکاربهێنن، وەك لێرەد ئومێد مەسعودی تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە، بەڵکو دەشێ زیاتر رەچاوی سادەیی نووسین بکرێ.

خۆ دوورخستنەوە لەدرێژدادری کە یەکێکە لەبنەماکان سادەیی نووسین، وەك چۆن ئەم فەسڵەی ئەم کتێبەی بۆ تەرخانکراوە، لەمبارەیەوە نووسەر ئاماژە بەوەدەکا کە ئەگەر سەیری نووسینی نووسەرێکی بەئەزموون بکەین، دەبینین چۆن خۆی لەدرێژدادری دەپارێزێ و قسەی نابەجێ ناکاو نمونەی ئاشکراو رون و ئامارو ژمارە دەخاتە روو، وێنەکانی سەلمێنراوو ئاشکران، بەبێهودەیی باس لەمەسەلەکان ناکا، جگە لەو کاتانە نەبێ کە بۆ سەلماندنی بابەتەکەی پێویست بەبەڵگەی زیاتر دەکا.

*　　*　　*

له فه‌سڵی سێیه‌می ئه‌م کتێبه‌دا، نووسه‌ر ڕۆشنایی‌ده‌خاته سه‌ر شێوازی داڕشتن له‌لای هه‌ریه‌که له هه‌مه‌نگوای‌و مارکیزو تۆموۆلف‌و له‌مباره‌یه‌وه سه‌رباری خستنه‌ڕووی شێوازی هه‌ریه‌ك له‌و نووسه‌رو ڕۆژنامه‌نووسه ناسراونه، نووسه‌ر ئاماژه به دیدو بۆچوونی هه‌ریه‌که‌یشیان ده‌کا سه‌باره‌ت به‌نووسین‌و داڕشتنی دقی ڕۆژنامه‌نووسی.

*　　*　　*

له فه‌سڵی چواره‌میشدا نووسه‌ر ئومێد مه‌سعودی باس له‌ده‌قی ڕۆژنامه‌نووسی ده‌کا له ڕووی ناڕوونی‌و ئاشکرایی‌و تیایدا پێناسه‌ی داڕشتنی ڕۆژنامه‌نووسی ده‌کاو له‌مباره‌یه‌وه چه‌ندین پێناسه‌ی ده‌قی ڕۆژنامه‌نووسی ده‌خاته ڕوو" که زوربه‌ی پێناسه‌کان ته‌ئکید له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌که‌نه‌وه: ده‌بێ ده‌قی ڕۆژنامه‌نووسی کورت‌و ڕوون‌و ئاشکرابێ‌و هه‌روه‌ها تیایدا ڕه‌چاوی ساده‌یی بکرێ‌و نابێ ئاڵۆزبێ‌و له‌ڕێگای زاراوه‌و ده‌سته‌واژه‌ی ئاڵۆزه‌وه بابه‌ته‌کان بخرێنه ڕوو، ئه‌مه له‌کاتێکدایه زۆربه‌ی ئه‌م پێناسانه‌ی که بۆ ده‌قی ڕۆژنامه‌نووسی نووسه‌ر له‌م فه‌سڵه‌دا ده‌یانخاته ڕوو، ته‌ئکید له‌وه ده‌که‌نه‌وه پێویسته ده‌قی ڕۆژنامه‌نووسی له‌هه‌ر ئاستێکدابێ له‌گه‌ڵ خوێنه‌ره‌که‌یدا یان به‌رامبه‌ره‌که‌یدا په‌یوه‌ندییه‌کی نزیك بخوڵقێنێ.

هه‌رله‌م فه‌سڵه‌دا، نووسه‌ر باس له‌شیکردنه‌وه‌ی ده‌قی ڕۆژنامه‌نووسی ده‌کاو هه‌روه‌ها ڕۆشنایی ده‌خاته سه‌ر شێوه‌ی یان قاڵبی هه‌ره‌می هه‌ڵگه‌ڕاوه که‌یه‌کێکه له قاڵبه‌کانی داڕشتنی هه‌واڵ‌و ڕۆژنامه‌نووس له‌داڕشتنی هه‌واڵدا په‌نای ده‌باته به‌ر، که‌تیایدا گرنگترین بابه‌ت ده‌خرێته ڕوو که بۆ یه‌که‌مجار، هه‌روه‌ك چۆن نووسه‌ر له‌م فه‌سڵه‌دا باسی ده‌کا، له ساڵی ١٨٦٠و له‌کاتی شه‌ڕی ناوخۆی ئه‌مه‌ریکادا هاته ئارا، ئه‌ویش به‌هۆی پچڕانی هێڵه‌کانه ته‌لیگراف له‌لایه‌ن هێزه دژبه‌یه‌که‌کانه‌وه، پاشان به‌هۆی باشییه‌کانیه‌وه هه‌م له‌لای خه‌ڵك‌و هه‌م بۆ ڕۆژنامه‌نووسه‌کان بوو به‌باشترین شێوازی هه‌واڵ نووسین.

نووسه‌ر هه‌ر له‌م فه‌سڵه‌ی کتێبه‌که‌یدا باس له زمانی ستاندارد ده‌کاو دواتر ڕۆشنایی ده‌خاته سه‌ر جیاوازییه‌کانی ده‌قی ئه‌ده‌بی‌و ده‌قی ڕۆژنامه‌نووسی‌و ئاماژه به‌وه ده‌کا که‌ئه‌گه‌ر بڕیاربێ خوێنه‌ر له مه‌به‌سته‌کانی نووسه‌ر بگا، پێویسته نووسه‌ریش له‌خواسته‌کانی خوێنه‌ر بگا.

*　　*　　*

سه‌رچاوه‌کان لای ڕۆژنامه‌که‌یه، بابه‌تی فه‌سڵی پێنجه‌می کتێبی بنه‌ماکانی داڕشتنه له میدیاکاندا" که‌تیایدا نووسه‌ر باس له‌وه ده‌کات ده‌بێ هه‌واڵساز یان نووسه‌ری ده‌قێکی ڕۆژنامه‌نووسی، ئه‌وه بزانن که دیاریکردنی سه‌رچاوه زانستیی بوونی بابه‌ته‌کانیان ده‌سه‌لمێنێ‌و بارسوکییان بۆ دروست ده‌کاو ناوهێنانی سه‌رچاوه هه‌م بۆ نووسه‌ره‌که‌ی باشه‌و هه‌م ڕێزلێنانیشه له خه‌ڵکی‌تر، واتا ڕه‌نجی که‌سانی‌تر له‌به‌رچاو ده‌گیرێت.

هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه‌و سه‌باره‌ت به‌خستنه‌ڕووی سه‌رچاوه له‌ده‌قی ڕۆژنامه‌نوسیدا، نووسه‌ر ده‌نووسێ: ڕه‌چاوکردنی بنه‌ما پیشه‌ییه‌کان له بلاْوکردنه‌وه‌ی بابه‌تدا، جگه له‌به‌رزکردنه‌وه‌ی ئاستی بابه‌تی چاپه‌مه‌نیه‌کان، سه‌رنج‌و متمانه‌ی خوێنه‌ریش ڕاده‌کێشێ.

*　　*　　*

فه‌سڵی شه‌شه‌می ئه‌م کتێبه ته‌رخانکراوه بۆ قسه‌کردن له‌سه‌ر خراپ نووسین‌و مه‌جهول نووسین‌و له‌مباره‌یه‌وه نووسه‌ر پێی وایه له‌داڕشتنی خراپ دا زیاتر کرداری نه‌ناسراو واتا مه‌جهول به‌کارده‌هێنرێ، چونکه نووسه‌ر سه‌ری بۆ کۆمه‌ڵگایه‌کی زیاد له‌حه‌د پته‌وو سه‌رسه‌خت داچه‌ماندووه. ئه‌و کۆمه‌ڵگایه‌ی که دروستبوونی له‌هه‌ر

گۆڕانکارییەك بەدەرە لە تواناكانی مرۆڤ لەوانەیشە نووسەر بەرپرسیاریەتی دەربڕینی بۆچوونەكانی لەبەر ئەوە لەخراپ نووسیندا دەخاتە ئەولاوە، حەزدەكا ئارەزووەكانی بخاتە ژێر پەردەوە، كەئەمەیش وادەكا نووسینێكی خراپ بەرهەم بهێنرێ.

هەر لەم بارەیەوەو سەبارەت بەخراپ نووسین، نووسەر لەم فەسڵەدا باس لەوەدەكا دونیای خراپ نووسەكان قابیلی تێگەیشتن نییە، ئەوان –واتا خراپ نووسەكان – بەردەوام دژی داڕشتنی ڕۆژنامەنووسی دەنووسن‌و بزانن یانەزانن دەبنە هۆی پچڕانی پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ خوێنەرەكانیاندا.

*　　*　　*

لەفەسڵی حەوتەمی ئەم كتێبەی‌دا، نووسەر باس لەچۆنیەتی داڕشتنی بابەتە زانستییەكان دەكا لە میدیاكانداو لەمبارەیەوەو بۆ ئاسانكاری لەداڕشتنی بابەتە زانستیەكان‌و نزیككردنەوەیان لەتێگەیشتنی زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامەكان، چوار بنەما دەخاتە ڕوو كەئەوانیش ئەمانەن:

یەكەم / لەنووسینی دەقی ڕۆژنامەنووسی‌دا چاكتروایە ڕژنامەنووس خۆی لەجێگای خوێنەر دابنێ.

دووەم / نزیكی بكەروكردار، بەوەی خوێنەرانی ڕۆژنامەو ناوەندەكانی تری ڕاگەیاندن چاوەڕوانی ئەوە دەكەن بكەر ڕاستەوخۆ كرداری بەدوادا بێ. چونكە ئەگەر ماوەیەك بكەوێتە نێوان بكەرو كردارەوە بەپچڕان دادەنرێ‌و دواتر لەلای خوێنەر گرنگی بەدەقەكە نادرێ.

بنەمای سێیەمیش، جێگای جەختەو چوارەمین بنەمای دارشتن لەبابەتە زانستیەكان لەمیدیاكاندا، هەروەك ئەم نووسەرە پێشنیازی دەكا، جێگای بابەتەو نووسەر پێی‌وایە زانیارییەكانی جێگای بابەت خوێنەران ئامادە دەكەن بۆ بابەتی پەیوەندیداری‌تر بەڕووداوەكەو لەهەمان كاتیشدا دەیگەڕێنێتەوە بۆ پێشینەی ڕووداوەكە. هەرلەمبارەیەوە سەبارەت بە ئەم بنەمایە، نووسەر ئاماژە بەوە دەكا كەزۆر كەس هەن ئامۆژگاری نووسەرە تازەكان دەكەن‌و پێیان دەڵێن: دەبێ زانیارییە كۆنەكان لەجێگای تایبەت‌و زانیارییە تازەكانیش لەجێگای جەختدابێ، هەروەك لە بنەمای سێیەم دا ئاماژەمان پێكرد.

*　　*　　*

لە فەسڵی هەشتەمی ئەم كتێبەدا، نووسەر جارێكی‌تر باس لە كورت نووسین دەكا لەناوەندەكانی ڕاگەیاندنداو باس لەوە دەكا كەپێشەكی نووسین هەتا كورت بێ سەرنج ڕاكێشتر دەبێ‌و لەمبارەیەیشەوە سەبارەت بەگرنگی نووسینی كورت، نووسەر ئاماژە بەچەند بۆچوونێك دەكا كە تەئكیددەكەنەوە لەسەر گرنگی كورت نووسین‌و دواتریش هەر لەم فەسڵەدا نووسەر ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەی چۆن بەكورتی بنووسین‌و لەمبارەیەوە پێی‌وایە لەكاتی ڕاپۆرتنووسیندا بەپێچەوانەی هەواڵ نووسین، دەزگاكانی ڕاگەیاندن تا بۆیان دەكرێ وشەو دەستەواژەكانی نووسەرەكە دەپارێزن، چونكە یەكێك لە مەرجەكانی نووسین پاراستنی ئەمانەتە.

*　　*　　*

دواپین فەسڵی ئەم كتێبە كەفەسڵی نۆیەمە، تەرخانكراوە بۆ چۆنیەتی داڕشتن لەڕۆژنامەنووسیی ئەلەكترۆنی‌دا“ كە نووسەر هاوڕایە سەبارەت بە ئەوەی خێرایی گرنگترین ڕەگەزە كەڕۆژنامەنووسیی ئەلەكترۆنی بەسەر ڕۆژنام نووسی چاپكراودا زاڵكردووە.

هەر لەم فەسڵەدا، نووسەر باس لە هەریەكە لە باش نووسین لەڕۆژنامەنووسیی دیجیتاڵی‌داو هەروەها نووسینی هەواڵ لە ڕاگەیاندنی ئەلكترۆنی‌دا دەكا، ئەمە سەرباری ئەوەی ستایل یاخود شێوازی نووسینی هەواڵی ئەلەكترۆنی دەخاتە ڕوو.



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

**نووسەر بەم پەرەگرافە کۆتایی بە ئەم فەسڵەو کتێبەکەی دەهێنێ:**

**دوایین قسە ئەوەیە کەتاکو ساڵی ٢٠٠٦ کۆشکەکانی فرۆشتنی رۆژنامە، گۆڤارو رۆژنامە لەسەر ئامێری خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی دەخەنە روو، تا لەساڵی ٢٠٠٨ رۆژنامە کاغەز بەتەواوی نامێنێ.... دەبێ چی بکەین؟ ئایا دەبێ خۆمان بۆ ئایندە ئامادە بکەین ؟ یاخود پشتی بەشێوازە کۆنەکان ببەستین؟**

****بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان، دەزگایەکی رۆشنبیریی چاپەمەنییە کە ساڵی رابردوو دامەزراوە. ئەم دەزگا رۆشنبیرییە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییەو بارەگاکەی لەشاری سلێمانی‌یە. .**
**بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان لەچاپکراوەکانی‌دا تەنها بایەخ بەبەرهەمی وەرگێردراو دەدا کە لەزمانە زیندووەکانەوە کرابنە کوردی‌و لەمبارەیەشەوە چەند کتێبێکی بەکەڵکی بەچاپگەیاندووە.**

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت......... ١٥-١-٢٠٠٣